عەلی قەرەداغی

یاریزانی هونەرە بەرگرییەکان و پاڵەوانی جیهان:

# خوای گەورە منی بە کوردی دروست کردووە بۆیە بە ناوی عێراقەوە لە پاڵەوانیەتییەکان بەشداری ناکەم






عەلی قەرەداخی یەکێکە لە پاڵەوانەکانی کوردستان کە ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی کیشوەری ئاسیا بۆتە پاڵەوانێکی گەورە و یانەکان و هەڵبژاردەکانی ئاسیا چاویان لەسەر ئەم یاریزانەیە بۆ ئەوەی بزانن لە ئایندە ئەو پاڵەوانە کوردە بۆ چ تیپێک یاری دەکات، عەلی عەبدوڵا قەرەداخی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری سلێمانییە و تەواوی مەشق و راهێنانەکانی لەگەڵ یانەکانی وڵاتی تایلەند و کەمبۆدیا ئەنجامداوە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی جیهانی، بەتاییەتی لە کیشوەری ئاسیا، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو بڕیارت دا لە دەرەوەی وڵات درێژە بە ژیانی وەرزشیت بدەیت؟**

- بەگشتی مەشق و راهێنانی هونەرە بەرگرییەکان لە کوردستان و تەواوی عێراق لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەهۆی نەبوونی پسپۆڕ و کەسی شارەزا لە هونەرە بەرگرییەکاندا، هەر بۆیە منیش بڕیارم دا درێژە بە ژیانی وەرزشیم بدەم لە دەرەوەی وڵات بۆ پێشکەوتنی ئاستی وەرزشیم لە تەواوی هونەرە بەرگرییەکاندا .

*** لە نێو ئەو هەموو وڵاتە جیهانییە چۆن بوو تەنیا کیشوەری ئاسیا و تایلەندت هەڵبژارد؟**

- لە راستیدا تەواوی هونەرە بەرگرییەکان لە وڵاتانی ئاسیا داهێنراوە، هەروەها وڵاتانی ئاسیا بە مەڵبەندی هونەرە بەرگرییەکان دادەنرێن، هەر بۆیە ئەگەر وەرزشی هونەرە بەرگرییەکان لەهەر وڵاتێکی ئەورووپی و جیهان ئەنجام بدرێت، هەموو پشت بە مەڵبەندی وەرزشەکە دەبەسێت، کە ئاسیایە، وەك: وڵاتانی تایلەند، و چین و کەمبۆدیا و میانمار و یابان و رووسیا، هەربۆیە منیش ئەو وڵاتانەم هەڵبژاردووە، چونکە تەواوی خەونەکانم لەو وڵاتانەیە، بەتایبەت وڵاتی تایلەند چونکە مەڵبەندی وەرزشی هونەری بەرگری تای بۆکسە بە کۆی هونەرە بەرگرییەکانەوە لە کەمبۆدیا و چین و میانماریش .

*** ئاستی یاریی تای بۆکس لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- لە کوردستاندا " تای بۆکس" نەبووە، تاوەکوو ئاستێکی بۆ دیاری بکەین، بەڵام خۆشبەختانە من ماوەی ئەو چەند ساڵەی لە وڵاتانی ئاسیا بە مانەوەیەکی زۆر توانیم ئەزموونێکی ئێجگار زۆر باش وەربگرم بە تیۆری و پراکتیکی و بە تەواوی پاڵەوانێتییە پلە یەکە جیهانییەکانەوە، کە ئێستا بە گەڕانەوەو مانەوەم لە کوردستان بۆ خزمەتی گەنجانی نیشتمانەکەم چەندین سیمینار و وۆرکشۆپم لە تەواوی شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە، بە مەبەستی ئاشنابوون و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی گەنجان و وەرزشەوانانی هەردوو هوونەری بەرگری «کیك بۆکس» و «تای بۆکس» بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و سەردەمییانە بۆ کوردستانەکەم دەستەبەر دەکەم. هەروەها لە ئێستادا پلان و پڕۆژەم هەیە بۆ تەواوی کوردستان بە هاوکاری بەرپرسان بە هیوام زوو جێبەجێ بکرێت.

**هەمیشە شانازی بە ئاڵاو ناوی پیرۆزی کوردستانەوە دەکەم، لە تەواوی پاڵەوانێتییە جیهانییە پلە یەکەکان و لە ژێر چاودێری میدیا جیهانییەکاندا ئاڵای کوردستانم بەرز کردووەتەوە**

*** بۆچی ئەم یارییانە لە کوردستان بە شێوەیەکی باش نەناسراوە و بۆ گرنگیدان بەم یارییە بەرگرییانە دەبێت چ بکرێت؟**

- دەبێت سەرەتا ئاماژە بدەین بە هونەری بەرگریی کیك بۆکس کە هونەرێکی سەرەتایی هونەری بەرگریی تای بۆکسە، کاتێك کەسێك بیەوێت هونەری بەرگری تای بۆکس فێر بێت، دەبێت هونەری بەرگریی کیك بۆکس تێیدا تەواو بێت، ئینجا دەتوانێت دەست بە هونەری تای بۆکس بکات. لە ئێستادا لە کوردستان و تەواوی عێراق مەشق و پاڵەوانێتی کیك بۆکس دەکەن بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە و هەتا ئەم ساتەش وەرزشوانانی کوردستان و عێراق بە پارێزەری دەست و قاچ و سەر یاری دەکەن لە پاڵەوانێتییە زۆر ئاست نزمەکاندا، کە لە راستیدا وەرزشوان پێویستە لە دوای تەمەنی لاوێتیدا بچێتە بەشی پڕۆفیشناڵ، بەڵام لە کوردستان و عێراق ئیتیحادەکانی کیك بۆکس ئەم بوارەیان قەتیس کردووە و رێگەیان نەداوە ئەم بوارە بەرەوپێش بچێت،

**بە هاوکاری و سەپۆرتی بەرپرسانی حکومەتی کوردستان دەتوانم لە ماوەی یەک ساڵدا هەڵبژاردەیەکی بەهێز پێکبهێنم و بەشداری پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانیان بکەین**





ئەویش بە هەماهەنگی ئیتیحادی عێراقی لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی تاکە کەسی خۆیان . هۆکاری بەرەو پێشنەچوونی وەرزشی هونەری کیك بۆکسی کوردستان بەهۆی چەقبەستوویی بەرپرسانی ئیتیحادەکانی کیك بۆکسی کوردستانە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، چونکە بەرپرسانی وەرزشی زانیاری و ئاستی رۆشنبیریی وەرزشییان لە هونەری بەرگری کیك بۆکس بە شێوەیەکی کارامە نەبووە و نییە، هەروەها ئیتیحادەکانی کیك بۆکسی کوردستان لەژێر چاودێری ئیتیحادەکانی کیك بۆکسی عێراقدان و هەماهەنگن، بەهەمانشێوە ئیتیحادی عێراقی تاوەکو ئێستا ئاستی سەرەتایی وەرزشی هونەری کیك بۆکس ئەنجام دەدەن، بە مەشقکردن و پاڵەوانێتییەکانەوە لە ئاستێکی زۆر نزمدان، هەروەها ئیدارەی ئیتیحادەکانی کیك بۆکسی کوردستان بە هەماهەنگی ئیتیحادی عێراقی بەشدارن لە گەندەڵی و بەرەوپێشنەچوونی وەرزشی هونەری بەرگری کیك بۆکس و هۆکارن بۆ مانەوەی بە شێوەیەکی سەرەتایی و چەقبەستوو، کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تەواوی وەرزشکارانی کوردستان داناوە. هۆکاری چەقبەستوویی و بەرەوپێشنەچوونی هونەری بەرگری کیك بۆکسی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵیی ئیداریی بەرپرسانی ئیتیحادی هونەری بەرگری کیك بۆکسی کوردستان بە هەماهەنگی ئیتیحادی عێراقی کە زۆرینەی بەرپرسان و ئەندامانی ئیتیحادەکان پیشەیان ئەم وەرزشە نییە و زانیارییان لەسەر وەرزشەکە نییە، ئەگەر چەند کەسێکی کەمیان زانیارییان هەبێت، ئەویش بە شێوەیەکی سەرەتایی و ئاست نزمە، هەر بۆیە ناهێڵن گەنجان و وەرزشوانانی کورد لەو ئاستەدا گەشە بکەن و بچنە پێشەوە بەهۆی نەبوونی زانیاری و ئاستی وەرزشیی خۆیان کە هەمیشە نەیانتوانیوە خۆیان بگەیەننە ئاستێکی پرۆفیشناڵ لە هونەری بەرگری کیك بۆکسدا.

لە هەمانکات کەسانێکی بەتەمەنی بێ ئەزموونی وڵاتانی عەرەب دێنن بۆ کوردستان بە هەماهەنگی ئیتیحادەکانی کیك بۆکس کوردستان و عێراق خولی سەرەتایی بۆ وەرزشوانانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە بە ماوەی یەك بۆ دوو رۆژ بە پارەیەکی ئێجگار زۆر کە هەموو وەرزشوانان لە باخەڵی خۆیان ئەو پارە زۆرە دەدەن بە کاغەزێکی پرینتکراو و نە بەخشینی هیچ زانیارییەکی پراکتیکی و تیۆری کە ئامانجیان تەنیا قازانجی مادییە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیتیحادی کیك بۆکسینگی کوردستان و عێراق، ئەوانە بازرگانی بەسەر گەنجان و وەرزشوانانی کوردستانەوە دەکەن کە هەموو ئەمانە شایەنی لێپرسینەوەی قورسن وپێویستە چیتر خۆڵ نەکەن بە چاوی هاونیشتمانیان و وەرزشوانانی کوردستاندا، لە کاتێکدا ئیتیحادی کیك بۆکسی عێراق هەمیشە خزمەت بە وەرزشوانانی تایبەت بە سنووری خۆی دەکات، هەرچەندە چەقبەستوون لە وەرزشەکەدا، بەڵام دڵسۆزن بۆ گەنجانی عێراقی خۆیان.


*** زۆرجار دەڵێی بەناوی عێراقە و بەشداری ناکەم، هۆکار چییە؟**

من کوردم و زمانی دایکم کوردییە و خوای گەورە منی بە کوردی دروست کردووە، هەر بۆیە من هەمیشە شانازی بە ئاڵاو ناوی پیرۆزی کوردستانەوە

دەکەم، هەروەها لە تەواوی پاڵەوانێتییە جیهانییە پلە یەکەکاندا بە فەرمی و لە ژێر چاودێری میدیا جیهانییەکاندا شانازی دەبەخشم بە خۆم و تەواوی هەموو خەڵکی کوردستان بە بەرزکردنەوەی ناو و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە فەرمی کە هەمیشە زیاتر بووە بە هاندەرێکی باڵاو باوەڕ بە خۆبوونێکی زیاتر بۆم، دەمەوێت لە ڕێگای ئەو دروشمانەمەوە گەنجان و وەرزشوانانی هونەری بەرگری هۆشیار بکەمەوە کە هەوڵ نەدەن شانازی بە ئاڵاو ناوی عێراقەوە بکەن، کە ئێمەی کورد نیشتمان و خاک و ئاڵای تایبەت بە خۆمانمان هەیە .

*** هەڵبژاردە جیهانییەکان داوایان لێ نەکردوویت بەناوی ئەوانەوە لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا یاری بکەیت؟**

-بەڵێ، لە پاش ئەو پاڵەوانێتییە جیهانییەی «کی وەن» لە چین ئەنجامم دا لە کۆتا مانگی ساڵی ٢٠١٦،پار ساڵ لە مانگی تەمووز دوو یانەی چینی پەیوەندییان پێوە کردم کە پاڵەوانێتییە جیهانییەکانی کیك بۆکس پرۆفیشناڵ بۆ ئەوان یاری بکەم، بەڵام لە ئێستادا گونجاو نەبوو بۆم کە یاری بۆ یانەیەکی چین بکەم و لەوێ بمێنمەوە بە هۆی بارودۆخی تایبەتەوە.



*** هیچ یانەیەک گرێبەستی پێشکەش کردووی بۆ یاریکردن بەتایبەت لە کیشۆری ئاسیا کە گرنگی زۆر بەم یارییە دەدرێت؟**

- بەڵێ، من لە ئێستادا پەیوەندیم بە یانەیەکی تایلەند و کەمبۆدیاوە هەیە بە هەماهەنگی کە تەواوی پاڵەوانێتییەکانیان بۆ ئەنجام دەدەم، بەڵام بە ئاڵاو ناوی پیرۆزی کوردستانەوە.

*** بە نیازی ئەوە نیت بە یەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان و لێرە وەکو ڕاهێنەر گرنگی بەم یارییە بدەیت؟**

- من لە ئێستادا گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان و چەند پرۆژەیەکم پێیە، هیوادارم بەرپرسانی حکومەت بە هەستی بەرپرسیارانەوە پشتگیرم بن بۆ بنیادنانی قوتابخانەیەکی ئەکادیمیی ورزشەکانی هونەری بەرگری کیك بۆکس و تای بۆکس کە بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ و سەردەمییانە گەشە بە گەنجان و وەرزشوانانی هونەری بەرگری بدەم بە تەواوی ئاستە جیاوازەکانەوە بۆ هەردوو رەگەز، کە ئاستی ڕۆشنبیری و وەرزشییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بەرز بکەمەوە بە تیۆری و پراکتیکی تا ئاستێکی باڵا بۆ پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها دەمەوێت ئاستێکی باشی فێربوون و مەشق و ڕاهێنانی هونەرە بەرگرییەکان بە شێوەیەکی زۆر باش و سەردەمییانە دەستەبەر بکەم بۆ کوردستانەکەم .

*** هیوا ئاوات وەکو پاڵەوانێکی کورد چییە؟**

-خەونی من تەنیا کیك بۆکس و تای بۆکس نییە، بەڵکو مەشق و ڕاهێنانی زیاترە بۆ تەواوی بەشەکانی هونەری بەرگری کە لە ئێستادا پلانم بۆ چەند وەرزشێکی تری هونەرە بەرگرییەکان هەیە کە لە کوردستان و عێراقدا بوونی نییە، هەر بۆیە لە ئایندەدا زیاتر ڕوونکردنەوی لەسەر دەدەم و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام زیاتر هونەری بەرگری لە خۆمدا فراوانتر بکەم بە پاڵەوانێتییەکانیشەوە.

*** هەوڵت نەداوە لەگەڵ بەرپرسانی وەرزشی کوردستان بیر لە دروستکردنی هەڵبژاردەی کوردستان بکەنەوە لەم یارییەدا؟**

-من لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدام ئاگاداری بەرپرسانی حکومەت بکەم کە هاوکارم بن و پشتگیریم بکەن بە خێرایی و کاتم بەفیڕۆ نەڕوات. هەروەها بە هاوکاری و سەپۆرتی بەرپرسانی حکومەتی کوردستان دەتوانم لە ماوەی یەك ساڵدا هەڵبژاردەیەکی بەهێز پێکبهێنم و بەشداری پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانیان بکەین، بە ئاڵاو ناوی پیرۆزی کوردستانەوە.

*** لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوێت؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان .

**ئیتیحادەکانی کیک بۆکسی کوردستان بە هەماهەنگی ئیتیحادی عێراقی بەشداربن لە گەندەڵی و بەرەوپێشنەچوونی وەرزشی هونەری بەرگری کیک بۆکس**

**بەرپرسانی وەرزشی زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری وەرزشییان لە هونەری بەرگری کیک بۆکس بە شێوەیەکی کارامە نەبووە و نییە**

**بە گەڕانەوەو مانەوەم لە کوردستان بۆ خزمەتی گەنجانی نیشتمانەکەم چەندین سیمینار و وۆرکشۆپم لە تەواوی شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە**





## کلاودیۆ پیزارۆ گەڕایەوە یانە کۆنەکەی

ئەستێرەی هەڵبژاردەی پیرۆ کلاودیۆ پیزارۆ بۆ چوارەم جار لە ژیانی وەرزشی خۆیدا پەیوەندی بە یانەی ڤێردر برێمەن-ی ئەڵمانی کردووە.

پیزارۆ لە وەرزی رابردوو لە ریزی یانەی کۆڵن یاری دەکرد و تەمەنی ٣٩ساڵ و چاوەڕوان دەکرێت ئەمە دواین وەرزی یاریزانی ناوبراو بێت لە یاری تۆپی پێی.

پیزارۆ پێشتر لە یانەکانی ( بایەرن میونیخ، چێلسی، ڤێردەر برێمن) یاریکردووە.

## بەهرەمەندی رووسیا چووە خولی فەرەنسا

یانەی مۆناکۆی فەرەنسی بەفەرمی مۆرکردنی گرێبەستی لەگەڵ ئەستێرەی هەڵبژاردەی رووسیا و یانەی سیسکا مۆسکۆی رۆسی (ئەلکیساندر گۆلۆفین) راگەیاند. ئەم یاریزانە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی لە مۆندیالی ٢٠١٨ پێشکەش کرد و هەریەکە لە یانەکانی (یۆڤانتۆس، چێلسی) هەوڵی گواستنەوەی ئەم یاریزانەیان دا، بەڵام گشت هەوڵەکانیان شکستی خوارد. گۆلۆفین خۆشحاڵی خۆی بەپەیوەندی کردن بە یانەی مۆناکۆ دەربڕی و تەئکیدی لەوە کردووە، کە مۆناکۆ یانەیەکی گەورەی ئەورووپایە.

## مانچستەر سیتی شوێنی کۆمپانی پڕکردووە

یانەی مانچستەر سیتی بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی لاوی هۆڵەندی مۆرکرد.

فلیپ ساندلەری هۆڵەندی یاریزانی یانەی پیك زۆلی هۆڵەندی بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندی بە یانەی مانچستەر سیتی کرد، ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات و چاوەڕوان دەکرێت شوێنی یاریزانی بەلژیکی ڤینست کۆمپانی پڕبکاتەوە.

ئەم یاریزانە دەرچووی قوتابخانەی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندییە و رۆژنامەکانی ئینگلیزی بە داهاتووی یانەکە باسی دەکەن.



# لاویک پێکهاتەی بایرەن میونیخ تۆکمە دەکات

یانەی بایرەن میونیخ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئەستێرەی یانەی (ڤانکۆڤەری کەنەدی) ئالفۆنسۆ دیڤێس مۆرکرد.

ئەم یاریزانە لە خولی نایابی ئەمەریکی یاری دەکات و ئەمساڵ تەمەنی دەبێتە (١٨) ساڵ چاوەروان دەکرێت ببێتە ئەستێرەی داهاتووی یانەی باڤارییەکە بەهۆی ئەم ئاستە بەرزەی.

ئەم یاریزانە تا سەری ساڵی نوێ ناتوانێت پەیوەندی بە یانە نوێیەکەی بکات، چونکە تەمەنی یاسایی نەبوویتە (١٨) ساڵ.

نیك کۆڤاچ راهێنەری یانەی بایرەن میونیخ خۆشحاڵی خۆی بۆ هاتنی ئەم بەهرەمەندە لاوە دەربڕی و تەئکیدی لەوە کردووە، کە سوودێکی باشی بۆ یانەکە دەبێت.






# فەرحان شوکر ڕووی کردە یانەی نەفت

دوای ئەوەی ئەم وەرزە یاریزانی کوردی شاری داقوقی سەر بە پارێزگای کەرکووك فەرحان شوکر لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەی نەجەف بە هۆی ئاستە بەرزەکەیەوە توانی ١٤ گۆڵ لەم وەرزە تۆماربکات و ببێتە گۆڵکاری یانەکەی باشووری عێراقی، ڕووی کردە یانەی نەفت بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی و بەمجۆرە یاریزانە کوردەکەی پارێزگای کەرکووك لە ناوەڕاستی عێراق یاری دەکات، لەم بارەشەوە فەرحان شوکر گوتی: «بەهۆی پێنەدانی مافەکانم لەلایەن یانەی نەجەفەوە، بڕیاری جێهێشتنی ئەو یانەیەم داوە، چونکە مافی داراییم لای ئەو یانەیە ماوە تاکو ئێستا.» لەبارەی هەبوونی گرێبەستیش لەلایەن یانەکانی دیکەی عێراقی گوتی: «هەر یەك لە یانەکانی بەغدا و شورتە و تەلەبە و نەفت و یانەیەکی وڵاتی ئوردەنیش لەسەر هێڵ بوون بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، بەڵام یانەی نەفتم هەڵبژارد، چونکە یانەیەکە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە، ژمارەیەك یاریزانی کوردی بەتواناش لەم تیپە هەن، تیپەکەش هەموو ساڵێك کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی عێراقی دەکات، منیش دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجامی گەورە تۆمار بکەم.»

جێگای ئاماژەپێکردنە لە کۆی ئەنجامدانی ٢٣یاری لەم وەرزی خولی عێراقی فەرحان شوکر ١٤ گۆڵی تۆمار کردووە، پێشووتر بۆ یانەکانی هەولێر و سلێمانی و زاخۆ و نەفتی وەست و نەجەف یاری کردووە و یاریزانی هەڵبژاردەی لاوان و ئۆلۆمپیی عێراقی بووە.



## خولی سەرکردەی دێدەوانی بۆ مامۆستایان دەکرێتەوە

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی وەرزش لە وەزارەتی پەروەردە و بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزشی مامۆستایان و بەشداریکردنیان لە خولەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر لە وەزارەتی پەروەردە وەکو بەرنامەی خۆی و بۆ زیاتر ئاشناکردنی مامۆستایان بە چالاکییە وەرزشییەکان بڕیارە لە مانگی نۆی ئەمساڵ خولی سەرکردەی دێدەوانی بۆ مامۆستایان لە هەردوو ئاستی پیاوان و ئافرەتان لە شاری دهۆك بکاتەوە، لەم بارەشەوە بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر لەگەڵ بەرپرسی چالاکیی دێدەوانی سەرجەم پەروەردە گشتییەکانی هەرێم (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکووك، هەڵەبجە و گەرمیان) کۆبووە، لە کۆبوونەوەکەشدا تیشکی خستە سەر گرنگیی ئەنجامدانی ئەم چالاکییە وەرزشییانە بۆ مامۆستایان و قوتابیانی پەروەردەکانی هەرێم بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم جۆرە وەرزشانە هەبێت، پێداویستیەکانیش بۆ مامۆستایان و بەشداربووانی خولەکە دابین دەکرێت.

بەکر کەریم سەبارەت بەو چالاکییانە گوتی: «هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی زیاتر چالاکیی وەرزشی ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی بتوانین لە پەروەردەکان خزمەتی زیاتری وەرزش بکەین.» دواتر بەرپرسانی چالاکیی دێدەوانی پەروەردە گشتییەکانی هەرێم داوایان کرد کە گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدرێت و جەختیان لەوەش کردەوە کە کردنەوەی خولی دێدەوانی بۆ مامۆستایان گرنگییەکی زۆری هەیە، بڕیاریشە خولی سەرکردەی دێدەوانی بۆ مامۆستایانی وانەی وەرزشی لە ڕۆژی ٨ی مانگی نۆی ئەمساڵ لە شاری دهۆك بەڕێوە بچێت و ماوەی حەوت ڕۆژ دەخایەنێ، وانەبێژانی خولەکەش سەرجەمیان مامۆستای بەتوانان و لە شاری بەغداوە دێنە کوردستان بۆ گوتنەوەی وانەکان.





# ڕێژەن فوئاد بەشداری پاڵەوانیەتی لەشجوانی ئاسیا دەکات

ساڵانە چەندین پاڵەوانی شارەکانی کوردستان بەشداری خولەکانی کوردستان و عێراق و ئاسیا و وڵاتانی ئەوروپی دەکەن، ڕێژەن فوئاد یاریزانی لەشجوانی پارێزگای سلێمانی ماوەیەکی زۆرە لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێ بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی جیهانی بکات بۆ ئەوەی ناوی خۆی بباتە نێو ئەنجامە باشەکانی ئەم پاڵەوانیەتییانە، لە ساڵانی ڕابردووش ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست بووە لەسەر ئاستی کوردستان و شاری سلێمانی، ئەمجارە دەیەوێت لە پاڵەوانیەتی ئاسیای کراوە خۆی تاقی بکاتەوە، لەم بارەشەوە ڕێژەن فوئاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وا بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا ئەم پاڵەوانیەتییە لە وڵاتی هیندستان بەڕێوەبچێت، منیش وەکو کوردێك بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییە دەکەم و سەر بە هیچ یانەیەك و شوێنێکیش نیم، بەناوی خۆم و کوردستان بەشداری دەکەم لە کێشی ٧٥کگم، ئامادەکاری زۆر باشیشم کردووە، چونکە چاوم لەوەیە بتوانم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بۆ خۆم و کوردستان بەدەست بهێنم، بەشداریکردنیشم لەم پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییە بۆ من گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە تاکە کوردم تاکو ئێستا کە بەشدار دەبم، هیوادارم بتوانم سەری خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە لەو پاڵەوانیەتییەی کە چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیا بەشدار دەبن.» لە بارەی هاوکاری کردنیشی گوتی: «هاوکاری کراوم، بەڵام ئەو هاوکارییە نییە کە بتوانم پاڵەوانیەتییەکەی پێ تەواو بکەم، چونکە سێ بەشی پارەکەی لەسەر گیرفانی خۆم دەبێ بۆ ئەوەی پاڵەوانیەتییەکە تەواو بکەم.» گوتیشی: «هەوڵیش دەدەم لە داهاتوودا لە پاڵەوانیەتی مستەرئۆلۆمپیات بەشدار بم بۆ ئەوەی لەوێ بتوانم بە ئەنجامی گەورەوە بگەڕێمەوە کوردستان، بە هیوای ئەوەشم بەرپرسانی وەرزشی کوردستان هاوکاری یاریزانان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکان بکەن.»